**زیندانەکانی قەڵای سەربازی نزارکێ و ئاکرێ و سەربازگەی سەلامییە**

عەلی مەحمود محەمەد

قەڵای نزارکێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەندی شاری دهۆکە, لە نزیك گوندی بەڕۆشکێڤە, لەناو سنوری گوندی نزارکێیە, لە گەڵی بێسێرێ و بەرزاییەکانی ئەردێ کەلهێ یە.
لە کۆتایی ساڵی 1976 دەست بە دروستکردنی ئەم تەلارە زەبلاحە کۆنکریتییە کراوە, لەسەر ڕەنگڕێژی تەلارسازی سۆڤیەتی, لە ماوەی 5 ساڵ تەواو کراوە, هەموو قەڵاکان عێراق یەك رووبەر و ئەندازیارییە 15000 مەتری چوار گۆشەیە و لە چوار لاوە چەکی دژە فڕۆکە پاراستونی.
قەڵای نزارکێ یەکێکە لە 2 قەلاکەی بادینان, لە پاڵ قەڵای سەربازی ئاکرێ, هەروەها چەند قەلایەکی دیکە بە دیزاینێکی زۆر بچووکتر هەن کەلها دەڤەرا بێرسڤێ و شێخان و زاخۆ.
لە ڕێکەوتی 28-8-1988 ەوە, سێ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی ئەنفالی بادینان، ئەنفالکراوانی بادینانیان هێناوەتە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ, ئەم قەڵایە تا نزیك مانگی دەی هەمان ساڵ بەردەوام ئەنفالکراوانی تێدا بووە, چونکە لە لێبوردنە گشتییەکەی 6-9-1988 یش بە دواوە لە جوگرافیای ئەنفالی بادینان ئەنفالکردن بەردەوام بووە, تەنانەت ئەوانەشی خۆیان داوە بە دەستەوە کار بە بڕیاری لێبوردن و ریکارە راگەیەنراوەکان نەکراوە بەرامبەریان.

**ئەنفالکراوانی بادینان ژمارەیان چەند بووە**

بەهۆی دەستکەوتنی بەڵگەنامەیەکەوە, هەموو ئاماری ئەنفالکراوانی بادینان لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتدا ئاشکرا دەبن, بەپێی راپۆرتی ژمارە 8/28 لە ڕێکەوتی 3-9-1988ـی فەیلەقی پێنج کە لیوا روکن یونس محەممەد زەرب فەرماندەی فەیلەق واژۆیکردووە، لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتدا کۆی گشتی 14473 کەس دەستگیرکران، لەو ژمارەیە 2252 یان پیاو بوونە، 3303 کەسیان ژن بوونە, 7847 کەسیشیان منداڵ بوونە, هەروەها 211 کەس خۆیان داوە بە دەستەوە، 482 کەسی دیکەش لەوانەی بە موستەلەحی ئەوان "تێکدەر" ناویانیانی بردووە دەستگیرکراون, بەشی زۆری ئەمانە بە قەلای نزارکێدا تێپەڕیوون جگە لەوانەی زیندانی سەربازگەی قەڵای ئاکرێ بوونە. زیندانیان لەم زیندانە لە ڕۆژێکەوە تا دوو هەفتە بۆ بەشێك لە پیرەکان زیاتریش ماونەتەوە.

**ئەنفالکراوان لە کوێوە هێنران؟**

خەڵکە دەستگیرکراوەکەی قۆناغی ئەنفالی هەشت, کە پانتایی جوگرافیایەکەی زیاتر لە 10 کیلۆمەتری چوارگۆشە بووە, لە کۆمەڵێك جێگاوە گواستراونەتەوە بۆ هەردوو قەڵای سەربازی نزارکێ لە شاری دهۆك و قەڵای سەربازی لە قەزای ئاکرێ.
یەکەم قۆناغی زیندانیکردنی هەندێکیان کۆمەڵگای دێرەلوك بووە, هەندێکی دی سۆری ژێرێ و کوانێ و قوتابخانەیەك لە هاوینە هەواری سەرسەنگ, لە قەزای ئامێدیش ناوەندی پۆلیس و سەربازگەی شارەکە و بارەگای یەکێتی مامۆستایان جێگای کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان بوونە, لە قەزای زاخۆ کۆمەڵگای بێرسفێ و هێزاواو وە قەڵا سەربازییەکەی مانگێش.
لە ناحیەی مانگێش هەندێك لە ئەنفالکراوان بردراون بۆ شوێنی ئاژەڵان, بەڕێوەبەری ناحیەی مانگێشی ئەوکات کە پیاوێکی کریستان بووە, پاڕاوەتەوە لە ئەفسەری بەرپرسی سەربازی نەیان کوژن, ڕۆژی دواتر بردراون بۆ تەلاری ناحیەی مانگێش, ژن و منداڵی کەمتر لە 15 ساڵ بە پاس, پیاوەکانیش بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازی بردراون بۆ زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ. بەشێك لە

ئەنفالکراوانی زیندانیکراو لە ناحیەی مانگێش, سێ ڕۆژ لە ناحیەی مانگێش ماونەتەوە, ئەو ماوەیە خواردنیان نەداوە پێیان, هاووڵاتیانی ناحیەی مانگێش خواردنیان بۆ بردوون. هەندێکی دی لە زیندانیان وەك دەگێڕنەوە, سەرەتا بردراونەتە ناو قوتابخانە لە ناحیەی مانگێش, ڕۆژی دواتر بردراون بۆ زیندانی قەڵای نزارکێ, لە قوتابخانەی مانگێش پیاو لە ژورەوە دەرگایان لێ دخراوە, منداڵ و ژنانیش لە گۆڕەپانەکەی کۆکراونەتەوە. بەشێکیش سەرەتا لە نافشکە کۆکراونەتەوە, لەوێوە گواستراونەتەوە بۆ مانگێش, دواتر بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی مانگێش, ئەوجا بۆ سەربازگەی قەڵای نزارکێ.
مریەم کەڕەم مەرعان سیتەیی ڕێکانی هاووڵاتی گوندی سیتە دەڵێت دوو گیان بووم بە زیل بردراین بۆ ئۆردوگای دێرەلوك, کە گەیشتین هەزاران کەس لە دێرەلوك بە زیندانی کۆکرابوونەوە, ژن و پیاویان لەوێ لە یەکتر جیا کردەوە, دوو ڕۆژ لە ئۆردوگای دێرەلوك ماینەوە. ئوسمانی باوك منداڵەکانم بۆ ماوەیەك لەوێ بینی, ئەفسەرەکە ڕێگەیانی داوە بۆ بینینی, ئەو وتبووی بە شەق و پۆستاڵ ئێمەیان کردە ناو زیلەکە کە هێنامانیان بۆ ئێرە. دواتر لە ئۆردوگای دێرەلوکەوە هێنامانیان بۆ سەربازگەی قەڵای نزارکێ بە ئۆتۆمۆبیلی زیلی سەربازی.
هەروەها بەشێك لە خەڵکە ئەنفالکراوەکان بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازی بردراون بۆ قەڵای سەربازی قدش, لە کۆمانەوە بە سەیارەی سەربازی بردراون بۆ قەڵای قدش, لەوێ لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ کراوەو ئەشکەنجەی پیاوەکان دراوە. بەشێکی دی براونەتە گوندی فرشا؟؟ لەوێ ژن و منداڵ جیاکراونەتەوە, بە جادەی سەرەکی کانا وە بەڕێ کراون, بەدوای یەکا بەسەر شەقامەکەیا, پیاوەکان کراونەتە ناو زیلەوە, ژن و منداڵیش بە جیا بۆ قەڵای قدش ؟, دوای کاتژمێرێك مانەوە ئەوجا بردراون بۆ زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ.
دوای دەرچوونی لێبوردنە گشتییەکەش لە ئەنفالی هەشت خەڵك دەستگیر کراون, ئەوانەی کە خۆیان تەسلیم کردووە, بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازی برداون بۆ قەڵای قدیش, دواتر گواستراونەتەوە بۆ زیندانی قەلای سەربازی نزارکێ.
هەرچەندە میدل ئیست وۆچ وا ڕادەگەیەنێت "بە گوێرەی قسەی ئەفسەرە مەیدانییەکانی ئەوسا لە بادینان، کەوا فەرمانیان پێگەیشتبوو چیتر بەندییەکانیان نەکوژن" وەلێ دوای لێبوردنە گشتییەکە لە کوشتنی پیاوانی گەنجی ئەنفالی بادینان بەردەوام بوونە.
کەتان تاهیر زێوەیی هاووڵاتی گوندێ زێوا شێخ پیرامیسی نزیك بامەڕنی دەڵێت"دوای لێبوردنە گشتییەکە کە گرتمانیان جاش و جەیش بردمانیان بۆ کۆمەڵگای قەدش, جنێویان پێمان دا, چیمان پێ بوو لێمانیان سەند, ئەو ماوەیە خواردنیان پێمان نەدا, دوایی بە ئیڤای عەسکەری بردمانیان بۆ زیندانی قەلای نزارکێ.
گروپێکیش دوای لێبوردنە گشتییەکە خۆیان تەسلیم کردۆتەوە, بردراون بۆ ئەنشکا دواتر ڕاستەوخۆ بۆ سەربازگەی قەڵای نزارکێ.
بەشێکیش لە ئەنفالکراوان بردراون بۆ قەڵای سەربازی ئاکرێ, کە لەسەر تەرزی قەڵای نزارکێ دروست کراوە, لە قەبارەرەو شێوەدا وەك ئەوە, ڕاستەوخۆ لەوێشەوە بردراون بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی جێژنیکان, نایف ڕەشو لەم بارەوە دەڵێت " روزا 9/5 ئەم نەچاربووین زاروك و خێزانیت خۆ مە تەسلیم کرن ،و ئەم هاتین دابین چیایێ گارەیی نێزیك 10 هەزار کەس لناف چیایێ گارەیی ئاسێ مابۆن ئەم ژی وەك هەزاران کەسین دی هاتن گرتن.
ئەم ڤەگوهاستین بۆ قەلعا ئاکرێ و پاشی بۆ بارگەیی جیش شعبی، سوپاس بۆ جەماوەرێ ئاکری بومە خوارن ئینا ئەو جەند روژ بوو مە خوارنەك دورست نەخوار بوو ئەم سیاری سەیارێت ئیڤایێن سەربازی کرین، من ج ژ خێزان و زاروکێت خۆ نەد زانی ئەم برین بۆ ناحیا کەلەکێ تومارکرین ئەم برین بەحرکێ و مە ل و ێدەرێ خێزان و زاروکین خۆ ل جەژنیکان دیتن ، " " ل دوو میحوەرا شەر بوو هەر ژ ئەتروش هەتا زاخو ئەو کەسێن د گرتن د برنە قەلعا نزارکێ ئانکو قەلعا هنگافتنێ و ژ ئەتروش هەتا خواکورك وسوران ئەوێن د هاتنە گرتن و ڤەدگوهاستن بۆ قەلعا ئاکری". قەلای

سەربازی ئاکرێ " 95 کیلۆمەتر لە شاری مووسڵەوە دوورە و ۱۲۰ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆکەوە، لە نێوان سێ چیادایە".
ئەم دوو قەڵایە کە ئەنفالکراوانی بادینانیان بۆیان گواستۆتەوە, هەر یەکەیان لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئەمنی شارێکدا بوونە, قەڵای سەربازی ئاکرێ بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی شاری موسڵ سەرپەرشتی زیندانییەکان ناوی کردووە, قەڵای سەربازی نزارکێش لە دهۆك لە ژێر سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دهۆك بووە.

**جیاکردنەوە**

لە سەربازگەی قەڵای نزارکێ وەك سەربازگەی تۆپزاوا ئەوانەی تازە دەگەیشتنە جێ, یەکسەر جیادەکرانەوە, پیاو و کوڕە گەنجەکان دەکرانە لایەکەوە, ژن و منداڵ و خەڵکی بەتەمەنیش لە لاکەی دیکەی گۆڕەپانی سەربازگەکە رادەگیران.
پۆڕێ سندی دەگێڕێتەوە دەڵێت لە دهۆك مەبەستی زیندانی قەلای سەربازگەی نزارکێیە, بە قامچی بەرەو رووومان هاتن لەو کاتەی دەگەن, گەنج و پیریان جیا کردەوە.
کاتێك کە جیاکردنەوە تەواو دەبوو، بەندییەکانیان بە سەر هۆڵە گەورە پیس و بۆگەنەکاندا دابەش دەکرد, هۆڵی رەق و تەقی تەڕ بە میز و پیسایی زیندانییەکان پێشتر سواق درابوو, بە تایبەت ئەوانەی درەنگ دەگەیشتن.
لە سەربازگەی قەڵای نزارکێ پیاوەکان لە نهۆمی خوارەوە دەمانەوە, ژن و منداڵیش لە بەشی سەرەوە.
زۆربەی زیندانییەکان لە نهۆمی دووەمی قەڵاکەدا بەندکرابوون، چونکە پیاوە گەنجەکان وێڕای ئەوەی ژمارەیان کەمتر بوو, زووتریش رەوان دەکران بۆ مەرگ, نهۆمی سەرێ ئەوەندە پڕ و قەرەباڵغ بووە, زیندانیان یان بە چینچکەوە دانیشتوونە, یان لەبەر قەرەباڵغی و پیسی لە تاوا دەچوونە بەر هەیوانەکان.

**لێکۆڵینەوە**

لە زیندانی سەربازگەی قەلای نزارکێ لێکۆڵینەوەی ورد و جیاکردنەوەی بە دیقەت لە گەڵ ئەنفالکراوان وەك زیندانی سەربازگەی تۆبزاوا نەکراوە, کەمە زانیارییەکیان لە پیاوەکان وەرگرتووە و ئەشیای بەرباخەڵ و ناسنامەکانیان لێسەندوون، بەڵام پرسیار لە ژن و منداڵەکان نەکراوە..
دام و دەزگای ئەمن کە سەرپەرشتی زیندانی قەلای نزارکێیان کردووە بەو پێیەی کە پەرۆشی هەڵگرتن و پاراستنی تۆماری بەڵگەنامەیی بوون، ئەو کورتە لێپرسینەوەیان بە ڤیدیۆ تۆمار کردووە کە لە گەڵ پیاوەکانیان کردووە.

**ئەشکەنجە**

ئەو پیاوانەی لە ناو ئۆتۆمۆبیلەکان کە گەیشتوونەتە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ, بە لێدان دایانیان گرتووەتە خوارەوە, هەندێکیان لە هۆش خۆیان چوونە, دوای سووکە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی, ئەوجا بە راکێشان بردراون بۆ نهۆمی خوارەوە, ئەوەندەیان لێیان داوە, تەنانەت هەندێکیان لە جێگا کەوتوونە.
پیاوەکان بە بەرچاوی ژن و خوشکەکانیانەوە لەو لایانەوە مات و مەلول و بێدەسەڵات بە کزی راوەستابوون, منداڵەکانیش دەگریان و هاواریان دەکرد بۆ بینینیان, قیژە و هاواریان بوو و بۆ لای

باوکەکانیان ڕایاندەکرد، بەڵام بە سۆندەو شەق و جنێو دەیانگێڕانەوە بۆ لای دایکیان. پیاوەکان بە دار و سۆندە و کێبڵ فەلاقە دەکران و بەر شەق و مستەکۆڵە و زلەیان دەدان و سوکایەتیان پێ دەکردن, ڕێزیان لە کەرامەتیان ناگرت.
سکالاکەرانی دادگای بالای تاوانەکانی عێراقی وێنای چەند جۆرە ئەشکەنجەیەك بۆ دادگای بالای تاوانەکانی عێراقی دەگێڕنەوە, لەوانە ریشی زیندانییەکیان سوتاندووە تەنها لە بەر ئەوەی درێژ بووە, پێنج لە زیندانییە پیاوەکان بە دەست و چاو بەستراوەییەوە ئۆتۆمۆبێل بەسەر سکیانا ڕۆیشتووە و کوشتویانیانە, بە بلۆك کێشاویانە بە سەری زیندانییا شەهیدیان کردووە, هەروەها بەستنەوەی زیندانیان بە ستوونی نا حەوشەی زیندانییەکەوە لەبەر گەرمای مانگی ئاب و سەرەتای سەپتەمبەر.
زیندانییەکان پەڵە خوێنیان بە دیواری هۆڵەکانی خوارەوەی زیندانەکەوە بینیووە, کە شوێنی ئەشکەنجەدانی پیاوە گەنجەکان بووە. هاوکات لەسەر شێوەی دیزاینی جل و بەرگی گەنجەکان, جۆری دووریني, درێژی ریش و زۆری پشدێن و درێژی تەزبێح و شوێنەواری کەتافەی سەر شان و لێپرسینەوە تا ئاستی فەلاقەو لێدانی زۆر بەرامبەر بە پیاوە گەنجەکان کراوە.
چەندین حالەتی ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی لە زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ لەسەر زاری زیندانیان و هەندێك شایەدحاڵ دەگێڕدرێتەوە, وەك کۆمەڵکوژی 18 گەنجی گوندەکانی سپێندارەو سوارێی, وە سەلام زێوەیی رزگاربوویەکی ئەنفالە ئەو شاهیدی کۆمەڵکوژی 13 پیاوی ئەنفالکراوە, کە لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدبوون و لە تەنیشت قەڵاکە نێژراون. "هەموو ئەوانە بە دار و بەرد و بلۆك شەهیدکران، تاوەکو گیانیان دەرچوو ئەشکەنجەدران، خوێنی ئەوان بە دار و دیوارەوە بوو. من بینیم دوای ئەوە هەموویان بردن و نەیان هێنانەوە.", شایەدحاڵی دیکە دەڵێن تەنها لە دوو ڕۆژی مانگی ئەیلول 20 کەس لە نزارکێ مردوونە, بەڵام تا ئێستا گۆڕی هیچ کام لەو کۆمەڵکوژیانە نەدۆزراوەتەوە, تاکو لە ڕێی دۆزینەوەی ڕوفاتەکانیانەوە پشت ڕاست بکرێنەوە, سێ ئەگەر هەیە" یان ڕوفاتیان تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە, یان ئەمن لە جێگایەکی دیکە ناشتویانن, یان تەنها ئەشکەنجە دراون دواتر بردراون بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان لەوێ کۆتایی بە ژیانیان لەگەڵ پیاوە گەنجەکانی دی هێنراوە.
بەڵام زیندانی قەڵای سەربازگەی ئاکرێ, بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی شاری موسڵ سەرپەرشتی کردووە, ئەشکەنجەدان تیایدا وەك سەربازگەی قەلای نزارکێ نەبووە کە ئەمنی پارێزگای دهۆك بەڕێوەی بردووە, پێی دەچێت ئەوەی گەیشتبێتە ئەو قەڵایە بەخت یاری بووبێت.

**ئەو ئەنفالکراوەی بە بلۆك شەهید کرا**

کەم لە ئەنفالکراوانی بادینان هەن کە دەم دەکاتەوە, چیرۆکی ئەو ئەنفالکراوە ناگێڕێتەوە لە سەربازگەی قەڵای نزارکێ, بە بەرچاوی هەموو زیندانەکانەوە بە بلۆك شەهید کراوە.
ئەو کەسەش حەیدەر عەبدوڵا حەمۆ گەرماڤی یە, یەکەم گیان بەختکردووی زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێیە کە بە بلۆك درا لە سەری, گیانی بەختکرد.
ئەو پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە گەڵ پێنج برای, خەڵکی گوندی گەرماڤی دەڤەری دۆسکییە, کوڕێکی لە تۆپباران لە ساڵی 1985 شەهید بووە, ئەو لە ڕێکەوتی 1988-8-25 , لە یەکەم ڕۆژی ئەنفالی بادینان لە گوندی بیسکێ ئەنفال کرا, پاش ئەوەی گوندەکەیان لە ڕۆژهەلاتی برجینی, کەوتە بەر کیمیاباران.
هەروەها فەریدا عەلی گوندی ئیسیان دەڵێت دوو برام بە ناوەکانی شەهید ئەرجان و شەهید فەرید لە قەڵای نزارکێ و قەڵای ئاکرێ بە دارو و بلۆك کوژران.

**نان و ئاو**

له زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ خەڵکەکە برسی, نەخۆش, پێ پەتی بوون, لێرە خواردنیان بە گیراوەکان نەدەدا، هەرچەندە هەندێك دەگێڕنەوە کە سەموونی رەقیان بە شەق بۆیان تێگرتووە. هەروەها رێگایان نەداوە خەڵکەکە بۆڕی ئاوی حەوشەی سەربازگەکە بەکار بهێنن, ئاوی ناو تەنکی گەرم کە پیس بووە داویانە بەو خەڵکەکە.
بەشێك لە پیاوە پیرەکان ماوەیەك زیاتر لەم سەربازگەیە ماونەتەوە, دواتر ئەوانیش کەوتوونەتە شت کڕین لە حەرەسەکان, یاخود خەڵکی دهۆك خواردنیان لە نزیك تەلبەندەکە بۆ داناون, ئەوانیش چوونە هەڵیان گرتۆتەوە.

**پیاوەکان چارەنووسی نادیار**

لە پرۆسەی ئەنفالی هەشتدا کۆی گشتی 2945 پیاو دەستگیر کراون یان خۆیان داوە بە دەستەوە, بە پیاوە پیرەکان و ئەوانەشی دواتر ئازاد کران, یان وەك ئەوانەی لە قەڵای ئاکرێ ئازاد کران.
پیاوە گەنجەکانیان کە جیا کردەوە , دوا جار بوو ئەوان بینران وەك گەنجەکانی تۆبزاوە, لەماوەی کورتدا لە چاو بزرکران, لە پارەو سەعات و تەزبێحەوە بۆ ئەوەی پێیان بووە لە لێیان سەنراوە, گەنجەکانی نزارکێ جیاکرانەوە بە روتی تەنها بە دەرپێیەکی ژێرەوە بە ئۆتۆمۆبیلی تایبەتی بردران بۆ شوێنی نادیار ئیتر بیرای بیڕ نەبینرانەوە. شایەدحاڵێك دەگێڕێتەوە کە رۆژی دوای هێنانیان, پیاوەکان بە چاو و دەست بەستراوی لە پشتەوە, لە سەربازگەی قەڵای نزارکێوە بردراون بۆ جێگای تا ئێستا نەزانراو, کە منداڵی کەمتر لە 15 ساڵیشییان لە گەڵدا بووە. بەڵام پیاوە پیرەکان هەندێکیان 10 رۆژ بۆ 2 هەفتە لە نزارکێ ماونەتەوە.

**ناردن بۆ سەربازگەی سالمیە**

سەربازگەی سەلامییە لە باشوری رۆژئاوای سەنتەری شاری موسڵە بە دوری 30 کیلۆمەتر, دەکەوێتە ناو سنووری ناحیەی نەمرودەوە, لە ژێر کارگێری شارۆچکەی نەمرودە, سەربازگەی سەلامییە دەورە درابوو بە سوپا, بۆ خۆشی پێشتر سەربازگەی سەربازی بووە.
ئەنفالکراوانی ژن و منداڵ و پیرەکان, پاش چەند ڕۆژێك لە مانەوەیان لە قەڵای نزارکێ و بینینی ئەو رۆژە حەشرە, یەکەم گروپیان رەوانەی جێگایەك کرد, کە ژن و منداڵەکان زۆریان قەت بەو رێگایەیا نەرۆیشتبوون, دوای پێنج کاتژمێر دەگەنە جێگاکە, لە کاتی گواستنەوەی یەکێك لە کاروانەکان, بە دەم رۆیشتنەوە ژنێك منداڵی دەبێت ناوی دەنرێت هاوار.
زیندانییەکان بە پاسی داخراوی بچووك و هەندێك جاریش پاسی بچووك یان کۆستەر و جاری واش بووە ئیڤای سەربازی ئاسایی بردراون, کە چەکداری ئەمن و ئیستیخبارات لە پاش و پێشی کاروانەکەوە دەڕۆیشتن و بە وردی چاودێریانیان کردووە.
لە زیندانی سەربازگەی سالمییە بۆ یەکەم جار نانووسین و لێکۆڵینەوەی زیندانیان دەستی پێکردووە, لەم سەربازگە یەك نهۆمییە گەورەیە کە کرابووە دوو بەشەوە, زیندانییەکان لە ئۆتۆمۆبیلەکان دابەزێنران و تەسلیمی پۆلیس و جەیشی شەعبی کران, خرانە ناو هۆڵەکانەوە, رۆژانە تەنها سەمونی سەربازی و ئاوی گەرمی تانکییان پێ دراوە.

زیندانیان لەناو ئەو هۆڵە گەورە گەرمانە بێ بان و بن دەخەوتن, ئاودەستەکانی پیس و بۆگەن بووە, هەروەها زیندانییەکان لە ماوەی ئەو دوو بۆ سێ هەفتەییەی کە لێرە بوونە, پەیوەندی لە نێوان قاوشەکاندا نەبووەو زیندانییەکان ئاگایان لە یەکتر نەبووە.
زیندانییەك دەڵێت دوو شەو لە نزارکێ ماینەوە, دوواتر بردمانیان بۆ زیندانی سەربازگەی سەلامییە, کۆستەر و گەڵابەو سەیارەکان پێشتریان هێنایەوە بۆ گواستنەوەمان, بە روت و قوتی هیچمان پێ نەبوو, کردمانیانە ناو ئەو هۆڵە گەورانەوە بێ هەواو پانکە بەو گەرمایە, برسی و تێنی بووین, لە سەربازگەی سەلامیە مامەڵەیان خراپتر بوو لە سەربازگەی نزارکێ.
پۆرێ سندی رزگاربووی ئەنفالی بادینانە دەگێرێتەوە رۆژی پێنجەم کۆکراینەوە بۆ بردن, نەچوینایەتە ناو ئەو ئۆتۆمۆبیلەی بۆ ئێمە راگیرابوون بە قامچی دەمانیان کردە ناویەوە, بردمانیان بۆ سەربازگەی سەلامییە, چەند کاتژمێر بەرێوە بووین, مونشەئەکان لە رێگا هیچ رانەوەستان, لە سەرەتا لەو زیندانە برسی بووین, بارودۆخمان زۆر خراپ بوو, بەڵام لە کۆتایی حانوتیان دانا, ئەوجا شتمان کری باشتر بووین.
ئەنفالکراوێکی دیکە بۆ دادگای باڵای تاوانەکان قسە دەکات و دەڵێت دوای 8 رۆژ بردمانیان بۆ زیندانی سەربازگەی سەلامییە, ژمارەی هۆڵەکانی 12 هۆڵ بوو, ژیان لەو سەربازگەیە زۆر ناخۆش بوو, لە کۆتاییدا دوای دەرچوونی لێبوردنە گشتییەکە بە زۆر هەڵپەرکێیان بە خەڵکەکە کرد بە دەهۆڵ و زورناوە لە خۆشی لێبوردن گشتی.
زیندانییەکی دیکە بۆ دادگای بالای تاوانەکانی عێراقی دەگێرێتەوە کە پیاوەکانیان بۆ ماوەی 3 رۆژ بردۆتە زیندانی سەربازگەی سەلامییە, دوایی لەوێ بردویانیانە بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازی داخراو براون بە دەست و چاو بەستراوەیی ئیتر نەبینراونەتەوە, ئەو دەڵێت خواردن خراپ بووە, خزمەتگوزاری تەندروستی نەبووە, سەربازگەکە و هۆڵەکان پیس بوونە, بۆیە منداڵ و پیر زۆر لەوێ مردوونە.

**زیندانیانی کریستان و ئێزیدی**

هەر لە سەربازگەی قەڵای نزارێکێ ئەنفالکراوانەوە, ئەنفالکراوە موسڵمانەکانیان لە ئەنفالکراوە کریستان و ئێزیدییەکان بە دیوارێکی دابڕکەر جیا کردۆتەوە.
هەرچەندە بەشێك لە کریستانەکان لە فەوجە جاشەکەی ملکۆ بوون, بەڵام لێبوردنە گشتییەکە ئەوانی ناگرتەوە, چونکە لە ئاماری ساڵی 1977 ەوە کریستان و ئێزیدییەکان بە عەرەب درابوونە قەڵەم. کریستان و ئێزیدییەکان بەشێکیان ئاوارەی تورکیا بوون و بە لێبوردنی گشتی گەڕانەوە, بەشێکیشیان دوای روخانی لادێکانیان چوونە شاخەکان, لە ناویشیاندا زۆرێك هەبوون پێشمەرگە بوون.
دوای لێبوردنە گشتییەکەی ژمارە 736 ی رێکەوتی 6-9-1988, ژمارەیەك پەنابەری کریستان و ئێزیدی لە تورکیاوە گەڕانەوە بە خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیلا خۆیان رادەست کردەوە, هەر لەوێ ئەوانیان لە کوردە موسڵمانەکان جیا کردەوە, وەك ئەنفالکراوە گرتراوەکان نێردران بۆ زیندانی سەربازگەی قەڵای نزارکێ, بەلام کوردە وسڵمانەکانیان نارد بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی بەحرکە, لە سەربازگەی نزارکێ شەش هۆڵیان لە نهۆمی سەرەوە لە جێگای ژن و منداڵەکان پێشتر, کە ئەوکاتە بردرابوون بۆ سەربازگەی سەلامییە بۆیان جیا کردبوەوە.
ژن و منداڵ و پیرەکانیش پاش ئەوەی تاقە شەوێك لە دهۆك هێشتبوونیانەوە بە پاس ڕەوانەی ئۆردوگای بەحرکە و جێژنیکانیان کردوون. هەر وەها تەواوی پیاوانی گەنجی کریستان و ئێزیدییان بە ئۆتۆمبیلی داخراو وەك گەنجە کوردە موسڵمانەکان بۆجێگایەکی نەزانراو رەوانە کردووە.
هێشتا بنەو بارگەیان تەواویان نەخستبوو لە ئۆردوگای زۆرە ملێی بەحرکەو جێژنیکان, لەو دەشت و دەرە لە ناو مارو دووپشك بوون, لە سەرەتای هەفتەی کۆتایی مانگی سەپتەمبەردا کریستان و

ئێزیدییەکان لە لایەن ئیستخباراتی عێراقییەوە دەستگیر دەکرێن, لەوێ پێیانیان وتبوو دەتانبەین بۆ لای پیاوەکانتان.
دواتر لە بنکەی پۆلیس هەموو ناوەکانیان بەراورد دەکرێن, کریستان ئێزیدییەکان لە یەك جیا دەکەنەوە, وە ئێزیدییەکانیش ئەوانەی لە سەربازگەی قەڵای ئاکری و قەڵای نزارکێ بوونە, لە یەکتری جیا دەکرێنەوە, ئەوانەی لە زیندانی قەڵای ئاکرێ وە هێنرابوون دەستگیر ناکرێنەوە لە گەڵ چەند کریستانێك لە ئۆردوگاکە دەمێننەوە, تا نزیك ئەوکاتەی سەدام کومیت داگیر دەکات و قەدەغەی هات و چۆ هەڵدەگرترێت, ئیتر دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەکان خۆیان. لەم پرۆسە زاڵمانەیە کۆی گشتی 152 هاووڵاتی ئاشورو کلدانی کریستان و 183 هاووڵاتی ئێزیدی ئەنفالکران .

## گۆڕێکی بە کۆمەڵ

لە ساڵی 2018 لە رێورەسمی یادی 30 ساڵەی ئەنفالی بادیناندا 13 رووفات لە قەڵای نزارکێ بە خاکسپێردران, کە لە ساڵی 2007دا لە گۆرستانی شاخکێ لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ دەرهێنرابوون، ئەو رووفاتانە تا ئێستا نەناسراونەتەوە، ئێستا شوێنی لە گۆڕنانیان وەکو گۆڕستانی ئەنفالکراوان دەناسرێت لە قەڵای نزارکێ، کەسوکاری قوربانیان داوا دەکەن پشکنینی DNA بۆ قوربانییان بکرێت, تا رووفاتەکان بناسرێنەوە, ئیتر تاکو ئێستا هیچ گۆڕێکی بە کۆمەڵی پیاوە گەنجەکانی ئەنفالکراوانی بادینان نەدۆزراونەتەوە.

## ئۆردوگاکانی بەحرکەو جێژنیکان جهەنەمێك بۆ ئەنفالکراوان

ئەنفالکراوانی بادینان لە هەموو لایەکەوە رێگاکەی روو لە بەحرکەو جێژنیکان بوو, لە زیندانی سەربازگەی سالمییەوەو لە زیندانی قەڵای ئاکرێوە, لە زیندانی قەلای سەربازی نزارکێوە, لە ئیبراهیم خەلیلەوە, لە سنووری ئێرانەوە, تەنانەت هەندێك لە ناحیەی بێکوڤای زاخۆوە, لەو ماڵەی هەڵاتووی ناوچەی ئەنفالکراوی بادینانی تێدا گیراوەو بە دوایدا زیندانی کراون, پاش ماوەیەك ئەشکەنجەدان بە لێبوردنی گشتی ئازادکراون و رەوانەی ئۆردوگای زۆرە ملێی بەحرکە کراون.
ئەم ئۆردوگایانە توند ئابلووقە درابوون, بواری هات و چۆ زۆر کەم بوو, هیچ خزمەتگوزارییەکیان بۆ دابین نەکرابوو, لەناو خۆڵ و تۆزو مارو دووپشك لە ژێر خێمە, بێ نەخۆشخانە و قوتابخانە و ئاو و کارەبا لە سەرەتا, لەسەر هاوکاری و میهرەبانی خەڵکە میهرەبانەکەی هەولێر دەژیان. ئەنفالی هەشت تا راپەڕین بەردەوام بووە, مردن لە بەحرکەو جێژنیکان بێسنوور بووە وەك درێژەی ئەنفالکردن, تەنانەت هەندێك باس لە مردنی حەوت سەت منداڵ دەکەن, کە لەو دوو ئۆردوگایە مردبێتن.

سەرچاوەکان:


1- گەلها نزارکێ خالد ئەحمەد بادی کوردستان - دهۆك بەرگی دووەم 2024 چاپخانەها پارێزگوها دهۆکێ
2- ئەنفالا بادینان قوناغا هەشتێ ودوماهێک قوناغا قرکرنێ(خاتمە الانفال)/ نایف رەشو

3- جینۆساید لە عێراقدا ..پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد - هیومان ڕایتس ووّچ/ میدڵ ئیست
ووّچ چاپی سێیەم 2013 چاپخانەی کەماڵ - وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵەح
تۆفیق
4- سی دی دۆسیەی ئامادەکراوی ئەنفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە.
5- محکمە الانفال اعداد ریکار مزوری بمساعدە محامی ایاد کاکەیی
6- https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/250820239
7- https://www.facebook.com/watch/?v=948272956677311